# ڕۆڵی ژن لە سینەمای کوردیدا

نووسین و ئامادەکردن: ئارەزوو سیراجەدین



٣٠ی کانوونی یەکەم، ٢٠٢١ سینەما

**پێشەکی:**

باسکردن لە ژن، کێشە و گیروگرفتەکانی ژن ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی تەوەرێکی فێمینیستی؛ کە تێیدا هەوڵ بۆ بە مژارکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن دەدرێت. ئەگەر چاوێک بخشێنین بە دەستپێکی سەرهەڵدانی فێمینیزم، ئەوا دەبێت بۆ نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر بگەڕێینەوە کە یەکەم

جار وەک پەیڤ لە ١٨٣٧ لە لایەن "شـارڵ فوغیێ" (فەیلەسـوف، ئابووریزان و سـۆسـیالیسـت) لە فەڕەنسـا سـەری هەڵدا. دواتر گەیشـتە وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەمریکا، ئوسـترالیا، هیند و چین..هەرچەندە بەپێی قاموسـی ئاکسـفۆردی ئینگلیزی بۆ یەکەم جار وشـەی فێمینیسـت لە ١٨٥٢ و وشـەی فێمینیزم لە ١٨٩٥ بەکـار هـاتوون. بەڵام فێمینیزم وەک ڕەوت یـا خود شـۆڕشێک، لە کۆتاییی سـەدەی نۆزدە و دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتدا سـەری هەڵدا، کە تا ئێسـتا خۆی لە چوار شـەپۆلدا دەبینێتەوە؛ بەناوبانگترینی شەپۆلی دووهەمە.



هاوکـات بە بڵاوبـوونەوەی ئەم ڕەوتە لە جیهانـدا تـا دەگـات بە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ژنـانی کـوردیش کەم تـا زۆر لەم ڕەوتەدا جێیـان گـرت. ئەگەر دەسـتپێکی فێمێنیزمـی کـوردی، ئەو دامەزراوانە بـن کە ژنـان لە سـەرەتای خەبـاتی حزبایەتیـدا دایانمەزرانـد، دەبێـت بڵێـین خەبـاتی ژنـان لەو سـەردەمەدا بە هـۆی بـارودۆخی کـورد زیـاتر خەبـاتێکی نەتەوەیـی بـووە تـا خەباتێـک کە ڕاسـتەوخۆ کێشـەکانی ژن

دەکاتە ئامانج. ئەمە لە مێژووی کۆنی کوردیشدا تا ڕادەیەک هەروا بووە، ژنان شان بە شانی پیاوان شەڕی هۆزایەییان کردووە. هاوکات ژنانێک هەبوون کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە؛ لەمانە دەکرێت ئاماژە بکەین بە: "حەلیمە خانمی هەکاری" کە حوکمڕانی ناوچەی باشکەڵا بووە. "فاتیمە" لە هەڕەتی گەنجێتیدا و لە ١٩٠٩ سەرۆکی هۆزی ئەزدینان بووە و خەڵکەکەی خۆی بە شاژن بانگیان کردووە. مەریەم خانم لە خێزانی ناوداری نەهری لەنێو شوێنکەوتووەکانی خۆیدا دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە. "عادلە خانم" لە لایەن بەریتانییەکانەوە ناوی "شازادەی شێرەژن"ی پێ دراوە، دەگوترێ لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا گیانی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی سوپای بەریتانیای رزگار کردووە. "ئەسینات بارزانی" کە لە سەدەی ١٧ ژیاوە، بە یەکەم ئافرەتی خاخام لە مێژووی جوودا لە قەڵەم دەدرێ. "مەستوورەی ئەردەڵان" شاعیر و نووسەرێکی کورد بووە، بە هۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانیەوە ناوی دەرکردووە. خانمە "شازادەی خانزاد" حوکمڕانی میرنشینی سۆران بووە کە قەڵاکەی هەتا ئێستاش لە ڕێگەی نێوان هەولێر و پیرمام ماوە. گەرچی ئەمانە ژنانێک نەبوون کە ڕاستەوخۆ کاریگەر بن لە ڕەوتی بەرەوپێش بردنی ژن، واتە ئەوان مانیفێستێکیان بۆ ژنی کورد بەجێ نەهێشتووە، بەڵام ناکرێت توانا و بوێرییان ئینکار بکرێت. با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن، هەروەک باسم کرد دەتوانین بڵێین سەرەتای خەباتی فێمێنیزمی کوردی هاوکات بووە لەگەڵ خەباتی حیزبایەتی نەتەوەی کورد؛ کە هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ دەرخستنی ژن لە چواردیوارێک کە تەنها ماڵ و منداڵداری

به ئەرکەکەی زانـــــراوە. ئەوەی مەبەســـــتی مـــــنە لەم باســـــەدا گرێـــدراوبوونی پرســـی ژن و پرســـی کـــوردە، کە هەم لە خەبـــاتی سیاســی مۆدێرنــدا هاوپشــکن، هەم لە ســینەمای کوردیــدا. واتە پرســی ژن هەر لە دەستپێکی سینەمای کوردیدا خاڵێکی بەرچاوە.

لە پەنا بابەتی هەبوون یا نەبوونی سینەمایەکی کوردی، هاوکات چەمکی فێمینیزم چ وەک ڕەوت یا خود تیۆر هێشتا لەنێو کورددا بە شێوەیەکی پێویست جێی نەگرتووە و هەوڵی بۆ نەدراوە؛ هەر بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە خاوەن فێمینیزمێکی کوردی یان سینەمایەکی فێمینیستین، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە باسی ژن لە پەنا باسی سیاسیی کورد، لە زۆربەی فیلمە کوردییەکاندا بابەتێکی سەرەکی بووە.

لە درێژەی ئەم وتارەدا دەمەوێت بە کورتی باس لە پێناسە و مێژووی فیلمی فێمینیستی بکەم کە کەی و بە چ شێوەیەک سەری هەڵداوە. لێ ئامانج لەم وتارەدا ڤەکۆلینێکی گشتییە سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە سینەمای کوردیدا، کە ئاخۆ ژنان تێیدا لە قاڵبی چ وێنەیەکدا نمایش و وێنا کراون.

## ❖ سینەمای فێمێنیستی چییە و کەی سەری هەڵداوە؟

بە زمانێکی سادە سینەمای فێمینیستی سینەمایەکە کە باسی ژن، کێشـەکان و بابەتە پەراوێزخراوەکانی دەکات؛ بە واتایەکی تر ســـینەمایەکە کە تێیدا ناڕەزایەتی دەردەبڕدرێت بەرامبەر بە پێشاندانی ژن وەک ڕەگەزی دووهەم. هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشچوونی جیهان و زیاتر جێ گرتنەوەی تەلەڤیزیۆن و میدیای گشتی کە سینەما سەرەکیترینیانە، نیگەرانی پسپۆر و ڕەخنەگرانیش سەبارەت بە کاریگەری میدیایی گشتی لەسەر جڤاک و تاک سەری هەڵدا.

پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو کە ئایا میدیای گشتی چ پەیامگەلێک دەگوازێتەوە بۆ تاکی بینەر؟ بەو پێیەی میدیای گشتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕێڕەوی نەوەی داهاتوو، کەواتە دەبێت ناوەڕۆکی بەرنامە، هەواڵ و فیلمگەلێک کە بڵاو دەکرێنەوە بەهای هەبێت و بە لاڕێدابردن یا خود کۆنترۆڵ کردنێکی سیستماتیک لە پشتیدا نەبێت.



گرتەیەک لە فیلمی (ژان دیلمان)ی ١٩٧٥ دەرهێنانی (شانتاڵ ئاکێرمەن)

لەگەڵ باسی کاریگەریی میدیای گشتی و دوابەدوای شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم، لە دەیەکانی شەست و هەفتادا فێمینیستەکانیش لەسەر بنەمای نووسراوەی فیکریی فێمێنیزم وەکوو«ژوورێک بە دیمەنگەوە» لە نووسینی "ویرجینیا وۆلف"، «ڕەگەزی دووهەم» لە نووسینی "سیمین دو بۆڤار" و دەروونشیکاری، دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی ژنان کە لە میدیای گشتیدا نمایش دەکرا. ئەمە بوو بە دەستپێکی سەرهەڵدانی تیۆری فیلمی فێمینیستی، هەروەها ڕێگەخۆشبوون بۆ فیلمگەلێک کە ژنان تێیاندا لە خستنەڕووی ئەو کێشانەی کە پەراوێز خرابوون یا هەر بە گرنگ

نەزاندرابوون ڕۆڵی سەرەکی ببینن. ئەگەر"ژان دیلمان"ی "شانتاڵ ئاکێرمەن" یەکەمی ئەو جۆرە فیلمگەلە نەبێت، بێگومان بە یەکێک لە هەرە گرنگترینی ئەو فیلمانە هەژمار دەکرێت کە دەپرژێتە سەر بابەتێکی پەراوێزخراوی وەک کاری سیزیفانەی ژنێکی خانەدار.

تیۆری فیلمی فێمینیستی، ڕاستەوخۆ سینەمای هالیوودی کردە ئامانج و دژی ئەو وێنەیە ڕاوەستا کە ساڵەها بوو لە ژن پێشان دەدرا. گرنگترین و ناسرواترینی ئەم ڕەوتە بریتین لە "کلێیەر جۆنستۆن، مالی هاسکل، تێرێزا دێ لاریتەس، رۆزالین کۆوارد، لۆرا مالْڤی"هەر یەک لەم ڕەخنەگرانەی تیۆری فیلمی فێمینیستی بە شێوەی جیاواز ڕۆڵی ژنیان لەو فیلمانەدا کە تا ئێستا پێشان درابوون بردیانە ژێر پرسیار. "کلێیەر جۆنستۆن" دەڵێت: "لە سینەمای گشتیدا ژن تەنها وەک تەواوکەری پیاو دەناسرێت و پیاو وەک کارێکتەرێکی ئەکتیڤ و ژن وەک کارێکتەرێکی پەسیڤ پێشان دەدرێت". ئەو باوەڕی وابوو؛ تەنانەت ئێلێمێنتەکانی سینەمایی وەک مۆنتاژ، دێکوپاژ و فیلمگرتن پیاوانەیە. "تێرێزا دێلارێتیس" پێی وا بوو کە تەکنەلۆجیای سینەما وەک دەستکردەکانی تری مرۆڤ ڕەگەز و ڕۆڵی جڤاکی قالبڕێژی دەکات، لە حالێکدا کە بوونی ڕاستەقینەیان نییە."لۆرا مالْڤی" کە گرنگترین و ناسراوترینی ڕەوتی تیۆری فیلمی فێمینستییە، وتارێکی لەژێر ناوی "چێژی بینگەیی و سینەمای گێڕانەوەیی" هەیە کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات سینەمای فەرمی و هالیوودی سینەمایەکی پیاوانەیە، کە تێیدا ژن بە بەردەوامی لەژێر چاوتێبڕینی پیاوانەدایە، بۆیەش دەبێت سینەما لەم چێژە پیاوانەیە بەتاڵ بکرێت.



سەبارەت بە سینەمای فێمینستی "ئانیسڤاردا" کە بە دایکی شەپۆڵی نوێی سینەمای فەڕەنسا دەناسرێت، لە گۆتارێکی لە فیستیڤاڵی فیلمی کاندا دەڵێت: "سینەما بێ بەها ڕاستەقینەکانی فێمینیزم، تەنها دەبێتە پەردەیەک بۆ نمایشی پیاوسالاری. فێمینیزم شۆڕش دژی پیاوان نییە، شیشی کەبابیش نییە کە ئەگەر لایەکی داخ بکەن، منیش تا دەتوانم لایەکەی تری داخ بکەم. ئێمە تەنیا بۆ یەکسانی هەوڵ دەدەین. لە بیرمان نەچێت کە لە سەردەمی ئێمە پیاوانێکیش هەن کە ڕێزیان لە بەها فمێنیستییەکان گرتووە و هەوڵیان بۆی داوە، کەسانێک وەک "بێرگمان"، "تارکۆفسکی"، "گۆدار". ناکرێ ئەمانە فەرامۆش بکەین، لێ پیاوانێکیش لە پیشەسازی سینەمادا هەن کە مافی ژنیان خواردووە و لەبەر چاویان نەگرتووە؛ بەڵام شۆڕشی ئێمە بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە بەردەوامە".

## ❖ ڕۆڵی ژن لە سینەمای کوردیدا

بە بڕوای من پرسی ژن و پرسی کورد لەو دوو پرسە تایبەتانەن کە خاڵی هاوبەشیان هەیە، هەردووکیان پرسێکی مێژوویین کە سەدان ساڵە لە هەوری ڕەشی چەوسانەوە ڕزگار نەبوونەتەوە، هەردووکیان بە مافەکانیان نەگەیشتوون لێ هەمدیسان هەردووکیان کۆڵیان نەداوە لە گەیشتن بەو مافانە. شایەد هەر بۆیەشە لە خەباتی سیاسیی کورددا ژنان و پیاوان تا ڕادەیەک هاوپشکن. ئەم باسە لە سینەمای کوردیشدا ڕەنگ دەداتەوە و وای کردووە دوو بابەتی لێک دانەبڕاو بن.

ئەو شـــتەی فیلمگەلێک لە خانەی فیلمی فێمینیســـتی جێ دەکات، چۆنیەتی باسـکردن و پێشـاندانی پرسـی ژنە، بە واتایەکی تر، دەبێت وەک کێشـەیەک پێشـان بدرێت کە پێویسـتیی بە چارەسـەرە، نەوەک ڕووداوێکی ئاسـایی! ئەگەر بمانەوێ باســـی ڕۆڵی ژن بکەین لە فیلمی کوردیدا، دەبینین کە ژن تێیدا نەک ڕۆڵێکی پەراوێزخراو، بەڵکوو بگرە تا ڕادەیەک ڕۆڵێکی سـەرەکیی بووە.

ئێمە وەک کورد بە هۆی بارودۆخێک کە تێیدا دەژین و نەبوونی کیانێکی ســـەربەخۆ هێشـــتا خاوەن ســـینەمایەک نین کە هەموو چوارچێوە و پرەنسـیپەکانی سـینەمایەکی نەتەوەیی پێویسـتییەتی. تا ئێسـتاش فیلمگەلێک دەچنە خانەی فیلم و ســـینەمای کوردی کە زمان، ئەکتەر و دەرهێنەرییان کورد نین! هەر بۆیە ســـەرەتا لەو فیلمانە دەســـت پێ دەکەم کە بە هۆی چیرۆکەکەیان لە ڕیزی فیلمی کوردیدا جێیان گرتووە، دواتر باس لەو فیلمانە دەکەم کە پرەنسیپەکانی وەک دەرهێنەر، زمان، چیرۆک و ئەکتەر هەموویان پێکەوە لە خۆ دەگرێت بۆ جێ گرتن لە سینەمایەکی نەتەوەییدا.

- فیلمی "زارێ"کە بە یەکەم فیلم دادەنرێت باسی کوردی کردبێت، لە دەرهێنانی "حەمۆ بەکنازاریان" بەرهەمی ساڵی ١٩٢٦. فیلم چیرۆکی کوردە ڕەوەندەکانە کە لە قەدپاڵی شاخە بەفرینەکانی ئاگری و بناری شاخە بەردینەکانی ئەلاگێسی ئیرەڤان نیشتەجێن. زارێ کە ناوی فیلمەکەیە، ناوی کچی یەکێک لەو بنەماڵە کوردانەیە، ناوی باوکی مستۆ و دایکی نانۆیە، فیلم بە نزاکانی



گرتەیەک لە فیلمی "زارێ" ١٩٢٦ دەرهێنانی "حەمۆ بەکنازاریان

نانۆ دەست پێ دەکات، ئەو دوعا دەکات مانگاکەیان گوێرەکەیەکی مێیینەیان ببێت! فیلم سەرەڕای باسی سیاسی، ئەرباب-ڕەعیەتی، ژیان و گوزەرانی ڕەوەندەکان، هاوکات پرسی ژن دەکاتە ئامانج؛ لەتیفە خان(هاوسەری تەیموور بەگ) بڕیارە ژنی بە سەردا بێت. زارێ لە لایەن "تەیموور بەگ"ەوە دەدزرێت و ناچار دەکرێت ببێت بە هاوسەری دووهەمی، لێ چونکە زارێ ڕێگا نادات ئەم کارە سەر بگرێت، لە لایەن تەیموور بەگەوە تۆمەتی ناڕەوای لێ دەدرێت. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێی کرد؛ ئەم بابەتانە تەنها کاتێک جێگای سەرنجن کە وەک کێشەیەک باس کرابن، نەوەک ڕووداوێکی ئاسایی؛

که ئەمە لە فیلمی زارێدا بە جوانی ئاشکرایە. واتە ئەو زۆرداریيەی سیستمی ئەرباب-ڕەعیەتی بەرامبەر بەخەڵک و بە تایبەت ژن هەبووە، وەک کێشەیەک پیشان دراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سیستمێکی ئەرباب-ڕەعیەتیدا، ئەرباب دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەیە، واتە نە باوکی زارێ جەسارەتی ئەوەی هەیە بڵێت: "کچەکەم هێشتا منداڵە و بۆ ئەرباب ناشێ"، نە هاوسەری تەیموور بەگ مافی نارەزایەتی دەربڕینی هەیە و نە زارێ. بەڵام نە لەتیفە خان کۆڵ دەدات و نە زارێ بە دووسەد مەڕەکەی ئەرباب ڕازی دەبێت.

- "مێگەل" لە ساڵی ١٩٨٧ و "ڕێگا" لە ساڵی ١٩٨٢، دوو لە گرنگترین فیلمەکانی "یەڵماز گونەی"ن کە بە هۆی چیرۆک و دەرهێنەرەکەیانەوە دەچنە خانەی فیلمی کوردی. ئەوەی ئەم دوو فیلمە لەم باسەدا بە بەراورد لەگەڵ فیلمەکانی تر تایبەت دەکات پرسی ژنە، کە تێیدا زەقترین و سەرەکیترین بابەتن.

لە فیلمی مێگەل ڕۆڵی بێریڤان(مەلیکە دەمیراغ) پرسی سیاسیی کورد و پرسی ژن تەواوەن بە یەکەوە گرێ دەدات. ئەو بێدەنگە، بێدەنگیەکەی زمانێکە کە قەدەغە کراوە، هاوکات ژنێکە کە سەرکوت کراوە، نازانێت بە چ زمان ئازارەکانی هاوار بکات، کە دەترسێت داوای مافەکانی بکات. ئەو بەپێی پێناسەیەک کە سیستەمی پیاوسالاری بۆ ژن دیاریی کردووە نەیتوانیوە ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بێریڤان نەیتوانیوە منداڵی ببێت، نەیتوانیوە ئەو ئاشتییە بپارێزیت کە بە منداڵهێنانی ئەوەوە بەندە! لێ پرسەکە ئەمەیە؛ ئایا بێریڤان سزاواری ئەم هەڵسوکەوتەیە؟

- سەیدعەلی(تارق ئاکان) لە فیلمی ڕێگادا بەندکراوێکە، ئیزنەکان کراونەتەوە و ئەو بۆ سەردانی ماڵ و بنەماڵەکەی بەڕێدەکەوێت؛ بەڵام هەواڵی باش چاوەڕێی ناکات. زینێ(شەریفە سەزەر) خەیانەتی کردووە، زینای کردووە! کارێک کە دەبێت سەیدعەلی بکات پاککردنی ناموسێکە کە زینێی هاوسەری سەبەبەکەیتی.زینێ لە لایەن بنەماڵەکەیەوە زنجیر کراوە و چاوەڕێی حوکمێکە



گرتەیەك لە فیلمی "ڕێگا" ١٩٨٢ دەرهێنانی یەڵماز گۆنەی

کە بنەماڵەکەی بۆی دەرکردووە. زینێ نەخۆشە، پەشیمانە و داوای لێبووردەیی دەکات لە سەیدعەلی، داوا دەکات لەنێو بەفرەکە بەجێی نەیهێڵێت و بەم شێوەیە سزای نەدات. لێ بە زیندوویی لە وەها سیستمێک ڕزگاری نابێت! لەملاتر ئەمینە(مەرال ئۆرهونسای) هاوسەری مەحمەدسالح(خالد ئەرگون) دەبێتە قوربانی دوژمندارییەک کە هیچ تاوانێکی تێیدا نەبووە. مەولوود(حکمەت چەلیک) ئامۆژگاری هاوسەری داهاتووی دەکات کە لە ماڵەوە دەبێت قسەی ئەو بێت و گەر گوتیڕەشە، ڕەشە. کە نابێت جیا لە

براکانی لەگەڵ هیچ پیاوێکیتر قسە بکات و پێبکەنێت. بەڵامبۆ خودی خۆیڕەوایە بچێت بۆ سۆزانی خانە و هەرچییەک کە پێی خۆشە بیکات!

با بێینە سەر ئەو فیلمانە کە دەرهێنەر، ئەکتەر، چیرۆک و زمانیان بەتەواوی کوردییە. لە خوارەوە ژمارەیەک فیلمی کوردیم هەڵبژاردووە کە بژاردنیان بەپێی هیچ ڕیزبەندییەکی باش و خراپ نییە. بەڵکوو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون.

دوای ساڵی ١٩٢٦ و سێ فیلمەکەی بەکنازاریان کە سەبارەت بە کوردی ئێزیدی دروستی کردبوون، لە دەستپێک و کۆتایی دەیەی ٨٠ "تەیفوور بەتحایی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، "مەهدی ئومێد" لە باشووری کوردستان، وەک یەکەم دەرهێنەرانی کورد ناسران. تەیفوور بەتحایی لە دەستپێکی دەیەی ٨٠ چوار بەڵگەفیلمی بەرهەم هێنا کە ناوبانگترینی 'نان و ئازادی'یە. دواتر لە ١٩٩٠ یەکەم فیلمی درێژی بە ناوی "گەلەگورگ"بەرهەم هێنا. سێناریۆی فیلمەکە لە لایەن مەهدی ئومێد نووسراوە کە سەرچاوەی گرتووە لە چیرۆکێک هەر بەم ناوە لە نووسینی نووسەری کورد حسێن عارف. پێش فیلمی گەلەگورگ لە ١٩٨٧ سێناریۆی فیلمی "تونێل" لە لایەن مەهدی ئومێد نووسرا و لە ١٩٨٨ دەست بەکاری بەرهەمهێنانی کرا و ئەمە بوو بە یەکەم فیلمی کوردی.

- فیلمی "تونێل" بە گوتەی مەهدی ئومێد باس لە جینوسایدی کورد دەکات. ئەو لە فیلمەکەیدا تێکەڵاوییەکی مێژوویی وێنا کردووە، کە تێیدا زەردەشت دادەبەزێت و دەبێتە شاهیدی کارەساتی کورد. ڕووداوەکان لە تونێلێکدا

ڕوو دەدەن، هەزاران کەس تێیدا بەدوای دەروازەی ڕزگارین. ئەوان لە کۆتاییدا بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەدەن، سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن ژنێکی کورد ڕادەگەیێندرێت. دەرهێنەر دەڵێت ویستی من لەو فیلمەدا ئەوە بووە کە سیاسەتمەدارانی کورد بزانن هونەری کوردی داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات. لێ ئایا ویستی ئەو لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە دەستی ژنێک، هاوکات بە مانای بەدیهاتنی ئازادیی ژنیشە؟ واتە ئەوە ئازادیی ژنە کە هاوکات سەربەخۆیی کوردستانیش بەدی دەهێنێت؟



گرتەیەک لە فیلمی "کلامەک ژ بۆ بەکۆ" ١٩٩١ دەرهێنانی "نیزامەتین ئاریچ"

- فیلمی "کلامەک ژ بۆ بەکۆ" بەرهەمی ١٩٩١ لە دەرهێنانی "نیزامەتین ئاریچ"؛ باس لە چیرۆکێکی سیاسی دەکات. بەکۆ(نیزامەدین ئاریچ) بە مەبەستی دۆزینەوەی جەمال(جەمالێ ژۆرا)ی برای کە بە نیازە بچێت و تەقلی پێشمەرگەکان ببێت، بە قاچاخ لە باکوورەوە لە چەمی فوراتەوە دەربازی

ڕۆژئاوا دەبێت، لەوێشەوە دەربازی سنووری باشوور دەبێت. ئەم پەڕی سنوور ژمارەیەک بنەماڵە لە ترسی شەڕی ئێران و عێراق لە ڕەشماڵەکاندا ژیان دەبەنە سەر. بەکۆ تەسلیمی زەینۆ(لوسکا حەسەن) دەکرێت تا چاوەڕێی هەواڵی براکەی بکات. زەینۆ بە جۆرێک ڕۆڵی سەرۆک یاخود بەڕێوەبەری ڕەشماڵەکانی ئەو ناوچەیە دەگێڕێت. زەینۆ خاوەن قسە و بڕیارە، پێشمەرگەکان دەبنە میوانی ئەو و ڕەوشی ناوچەکە لە ئەو دەپرسن. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ڕۆڵی ژن لە فیلمەکەدا پەسیڤ نییە، بەڵکوو ژن لە فیلمەکەدا تا ڕادەیەک ڕۆڵێکی چالاک و ئەکتیڤی هەیە. ئەوان شان بە شانی پیاوان کار دەکەن، لە کۆبوونەوەکانیاندا شان بە شانی پیاوان دادەنیشن، بەشداری باسی سیاسیی دەبن و ڕای خۆیان دەردەبڕن.



گرتەیەک لە فیلمی "وڵاتی تیژە شیرینەکەم" ٢٠١٣ دەرهێنانی "هونەر سەلیم."

- "وڵاتی تیژە شیرینەکەم"بەرهەمی ٢٠١٣ لە دەرهێنانی "هونەر سەلیم".

بە گوتەی دەرهێنەر فیلمەکە باس لە پێشمەرگەیەکی کورد دەکات، کە تووشی نەگونجان دەبێت لەم سەردەمە نوێیەدا و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ سەردەمی نوێ و ئازادیدا، ئەو هەوڵی داوە لەو ڕێگەیەوە باسی دوو سەردەمی کورد بکات، سەردەمی شاخ و هەروەها سەردەمی شار و ئازادی. لێ پاڵەوانی فیلمەکە گۆڤەندە، ژنێک کە شەڕی کۆمەڵگە دەکات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی، ئەو ژنێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەندە، لە پاڵ ویستی پەروەدەکردنی منالآن، حەز بە ژەنینی ئامێری هەندپەن دەکات، کە چێژێکی تایبەتی بەخشیوە بە فیلمەکە. گۆڤەند بوێرانە سنوورەکان تێپەڕ دەکات و دەچێتە گوندی قەمەریان (گوندێکە دەکەوێتە شارۆچکەی خەلیفان سەر بە شاری سۆران لە پارێزگای هەولێر) تا ئەرکەکەی جێبەجێ بکات.

بە گشتی ژن لە فیلمەکانی هونەر سەلیمدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، ئەو لە چاوپێکەتنێکیدا دەڵێت: "من پێم وا نییە کە ژن کێشەی هەیە، من پێم وایە ئەوە پیاوە کە کێشەی هەیە". هەر بۆیەش لە فیلمەکانیدا ئەوەی سەرکەوتوو دەبێت ژنە نەک پیاو. لە فیلمی "ئەگەر بمری، دەتکوژم" جەخت دەکاتە سەر بابەتی ژن-نامووس. لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا. ژن بە پاساوی نامووس بەردەوام شەرعیەت بە کوشتنی دەدرێت، چونکە تەنیا کوشتنە کە نامووسیان پاک دەکات! بەڵام سیبا(پاڵەوانی فیلمەکە) وەک گۆڤەند سنوورەکان دەشکێنێت بۆ گەیشتن بە خواستەکەی، سەرکەوتووش دەبێت.

- "بیرئانینێن ل سەر کەڤری" بەرهەمی ٢٠١٣ لە دەرهێنانی "شەوکەت ئەمین کۆرکی". چیرۆکی فیلم باس لە ئاستەنگە نەبڕاوەکانی دروستکردنی فیلمێکی کوردی دەکات لە کوردستاندا. بەرچاوترین ئاستەنگ دۆزینەوەی ئەکتەرێکی

ژنە، لێ لە کوردستاندا هێشتا کولتووری سینەما جێی نەگرتووە، ژن ناموسێکە کە ڕێگەی پێ  نادرێت لە سینەمادا ڕۆڵ بگێڕێت، چونکە بەم شێوەیە شەرەف و ناموسیان نەپاراستووە و ناموس شتێکە کە دەبێت پاک ڕابگیردرێ! سنوور(شیما مۆلایی) پاڵەوانی فیلمەکەیە، زۆر بە هەڵکەوت لە تەلەڤیزیۆندا دەبینێت کە داوای ئەکتەرێکی ژن دەکرێت، بۆ فیلمێک سەبارەت بە پرسی ئەنفال. سنوور کە باوکی ئەنفال کراوە و بە درێژایی تەمەنی ئازاری بێ باوکێتیی چێشتووە، دەیهەوێ ببێت بە بەشێک لەو فیلمە. لێ لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا ژن بڕیاردەری یەکەم نییە، سنوور باوکی نەماوە بەڵام مامەکەی دەبێت بڕیار بدات، لێ ڕازی نابێت، چونکە سنوور هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە! هیوا(بەنگین عەلی) ئەڤیندار و کوڕەمامی سنوورە، ئەو بۆ سنوور مەرج دادەنێت کە ئەگەر ببێت بە هاوژینی، ئەوا ڕازی دەبێت بەشداری بکات لە فیلمەکەدا. سنوور بە ناچار قبوڵ دەکات ببێت بە هاوسەری هیوا، گەلۆ سەرەرای ئەمە ڕزگاری دەبێت لە گوشارەکان؟ سنوور ئێستا ناموسی هیوایە، بەو پێیە هیوا خاوەنی سنوورە! ئەو دەبێت بە چاودێری سنوور، کەس نابێت دەستی بگرێت و نابێت لێی نزیک ببنەوە، چونکە ئەمە بۆ هیوا و دواتر بۆ سنوور سەرشۆڕییە کە ڕێگە دەدات بەم کارانە! بەڵام دواجار سەرکەوتن بۆ ئەو کەسەیە کە کۆڵ نادات.

- "کیسەڵەکانیش دەفڕن" بەرهەمی ٢٠٠٤ لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی.



گرتەیەک لە فیلمی"کیسەڵەکانیش دەفڕن" ٢٠٠٤ دەرهێنانی بەهمەن قوبادی

چیرۆکی فیلمەکە دنیای مناڵانی جەنگمان پێ پیشان دەدات، مناڵگەلێک کە مناڵێنیان لێ سەندراوە. ئەوان نە قسەکردنیان مناڵانەیە، نە بیرکردنەوە و نە کارگەلێک کە دەیکەن. ئاگرین(ئاواز لەتیف) یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمەکەیە؛ ئەو کچێکی مێرمنداڵە کە بووەتە قوربانی جەنگ. ئاگرین لە کاتی هێرشی سەدام بۆ هەڵەبجە لە لایەن سەربازەکانی بەعس دەستدرێژی دەکرێتە سەری. ئەو لە تەمەنێکی مێرمناڵدا دەبێت بە دایک، دایکی مناڵێک کە باوکەکەی ئاگرین و هەنگاو(هێرش فەیسەل)یان بێدایک و باوک هێشتووە. ئێمە دەبین بە شاهیدی گوشارە دەروونییەکانی ئاگرین. جەنگ و دەستدرێژی؛ دوێنێی لێ کردووە بە کابووس و ئەمڕۆ و داهاتوویيشی لێ سەندووە. ئاگرین بەردەوام بیر لە چوونەوە دەکاتەوە، چوونێک کە شایەد

ڕزگاری بکات لەم هەموو ئازارە، لێ دواجار تەنها ڕزگارییەک کە شک دەبات خۆکوژییە!

ئێمە لە "نیوە مانگ"ی قوبادی هەمدیسان دەبینین ژن تێیدا ڕۆڵێکی پەراوێزخراوی نییە. ژن تێیدا ڕزگارکەرە، هێشوو(هەدیە تەهرانی) و نیوەمانگ(گۆلشیفتە فەراهانی) هەموو هیوای مامۆ(ئسماعیل غەفاری) و گروپەکەن.

گروپێک کە بڕیارە لە باشووری کوردستان کۆنسێرتێکی مۆسیقایی پێشکەش بکەن. فیلمەکە کەمایەسی کەمی دەنگی ژن پێشان دەدات لە سیستمێک کە ئیسلام و پیاوسالاری تێیدا سەردەستە. ژنانێک کە دەنگیان قەدەغە کراوە، کە سرگون کراون!

- "ڕەشەبا" بەرهەمی ٢٠١٦ لە دەرهێنانی "حوسێن حەسەن"، ئەم فیلمە هەوڵ دەدات تراژێدیای فەرمانی ٧٣یی ئێزیدییەکان بخاتە سەر پەردەی سینەما. لە



گرتەیەک لە فیلمی "ڕەشەبا" ٢٠١٦ دەرهێنانی "حوسێن حەسەن"

ساڵی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هێرشی کردە سەر شنگال و نزیکەی ٥٠٠٠ کچ و ژنی ئێزیدیی وەک غەنیمەتی جەنگ بە ئەسیر گرت و کردیان بە کۆیلەی جنسی. ڕەشەبا چیرۆکی تەنها یەکێک لەو هەزاران ژنەیە کە بەدیل گیراون. پێرۆ(دیمەن زەندی) ئەو کچەیە، ئەو چەندین جار



فرۆشراوە، دەستدرێژی کراوتە سەری و ژیانی لێ بووە بە کابووسێک کە هەرگیز لێی ڕزگار نابێت. ڕێکۆ(ڕێکش شەهباز) خۆشەویست و دەزگیرانی پێرۆیە، ئەوان بڕیار بوو هاوسەرگیری بکەن، لێ جەنگ ڕێگە نادات. ڕێکۆ هەموو هەوڵەکانی دەدات تا خۆشەویستەکەی بدۆزێتەوە. ژنە شەڕڤانەکان کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ڕزگارکردنی ژنە ئێزیدییەکان، ژمارەیەک ژنییان ڕزگار کردووە، ڕێکۆ بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا پیرۆ یەکێکە لەو ژنانە، ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوای کوردستان و پیرۆ دەدۆزێت. بەڵام پێرۆ ئیتر ئەو کچە دەم بە زەردەخەنەیە نییە. ئەوان پێکەوە دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان و ئەمە دەستپێکی نەهامەتییەکانی नامووسێکە کە لەکەدار کراوە!

لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا نرخی ژن بە پەردەیەکەوە بەندە کە لە دەستدانی گەر بە ویست (بێ هاوسەرگیری) یا خۆد زۆرەملێ بێت یەک دەرەنجامی هەیە، ئەو دەبێتە ژنێکی عەیبدار و لەکەدار، وەک کاڵایەکی دەستە دوو کە پێشتر بەکارهێنراوە و ئیدی هیچ پیاوێک قبوڵی ناکات. پێرۆ سەرەڕای گشت

نەهامەتییەکان، دەبێت بەرگەی گوشارە دەروونییەکانی ئەم سیستمەش بگرێت. گوشارگەلێک کە بووەتە هۆکاری خۆکوژی زۆربەی ژنە گەڕێندراوەکانی ئێزیدی.

لە ڕاستیدا لە سیستمێکی پیاوسالاردا تەنها ژن نییە کە قوربانییە، پیاویش قوربانی هزری پیاوسالارییە. ڕێکۆ وەک باوکەکەی بیر ناکاتەوە، بۆ ئەو هیچ شتێک نەگۆڕاوە، پێرۆ هەر خۆشەویستەکەیەتی و ئەو لە سەر بڕیاری هاوسەرگیری خۆی سوورە، بەڵام باوکی سوێندی خواردووە کە ناهێڵێت بووکێکی وا عەیبدار و دووگیان پێ بنێتە ماڵی ئەو. لەملاتر باوکی پێرۆ دیار نییە کە ئایا خۆشحالە لە ڕزگاری کچەکەی؟ هاوکات ئەویش لەژێر کاریگەری قسەکانی کۆمەڵگە سەرلێشێواوە و نازانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات.

دوماهیی ئەم باسە بە دوو لە بەرهەمەکانی ژنە دەرهێنەرێکی کورد بە ناوی "قودرەت گونەش" کۆتایی پێ دەهێنم؛ کە زۆربەی بەرهەمەکانی باس لە ژن و کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن، باس لە ئازایەتی ژنانێکی کورد دەکات کە سەڕەرای ئەوەی زوڵمیان لێ کراوە و سەرکوت کراون (ئەمە چ لە لایەن سیستمەوە بێت و چ لە لایەن کۆمەڵگە و بنەماڵەوە بێت) لێ کۆڵیان نەداوە و هیچ شتێک ئەوانی لە خەبات بۆ گەل و نیشتمان نەوەستاندووە.

- "لەیلا زانا مژدەی گەلێک" بەرهەمـــی ٢٠٠٢ . بەڵگەفیلمەکە باس لە خەباتی سیاسی لەیلا زانا دەکات، باس لە توانا و بوێری ئەم ژنە کۆڵنەدەرە دەکات کە



خۆی دەکاتە قوربانی گەل و نیشتمانەکەی. ئەو دەچێتە سەر سەکۆ و بۆ سەدان ژن و پیاوی کورد دەرسی ئازادی دەڵێت، دەرسی کۆڵنەدان و تێکۆشین بۆ گەیشتن بە مافەکانمان.

- بەڵگەفیلمی ژنە سووکایەتی پێکراوەکان(بە فەرەنسیfemmes_humiliées)بەرهەمی ٢٠٠٩ چیرۆکی دوو ژنی کوردە کە بە هۆکاری ئازار و ئەشکەنجەی سیستمی تورکیا، ناچار بۆ تاراوگەپەنایان بردووە."هۆزانجانێ" یەکێک لەو ژنانەیە، ئەو هونەرمەندە و گۆرانیبێژیی لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەست پێ کردووە. لە تەمەنی یازدە ساڵی بە زۆر بەشوو دراوە، دواتر بە هەر جۆرێک بێت توانیویەتی خۆی لەو زوڵمە ڕزگار بکات. لێ بۆ کوێ؟ لە سیستمی فاشیستی تورکیادا ژنێکی کوردیی گۆرانیبێژ کە بە کوردی گۆرانیی عەشق و ئەڤین دەڵێت و بە کوردی دەژیت، ئایا دەکرێت چ مامەڵەیەکی لە بەرامبەردا بکرێت؟ ئەم بەڵگەفیلمە بەسەرهاتی جانێ و نازلی تۆپ دەگێڕێتەوە. ئەوان باس لە ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سیستمی تورکیا دەکەن. باس و وەسفی

برینەکانیان دەکەن، برینگەلێک کە بۆ هەتاهەتایە ئاسەواریان لەسەر جەستە و ڕۆحییان دەمێنێتەوە...

**کۆتا قسە:**

سینەمای کوردی سەرەڕای هەموو کەمایەسی و ئاستەنگەکان توانیویەتی تا ڕادەیەک خۆی پێناسە بکات، لە داخوازیگەلێک کە هەیەتی، لە پەیامگەلێک کە دەیهەوێت بگەیێنێت. گەرچی دەرهێنەری کورد یاخود سینەمای کوردی بەگشتی هێشتا خاوەن پلەتفۆرمێکی نەتەوەیی نییە کە لە هەموو لایەکەوە پشتیوانیی بکرێت، لێ هەوڵیداوە کارەسات و ئازارەکانی کورد، کێشە و بارودۆخی کورد لە چەندەها شێوەدا بخاتە سەر پەردە. یەکێک لەم کێشانە بابەتی ژنە. جێگای خۆشحاڵییە گەر لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا سینەمای فێمینیستی دوای دەیان ساڵ لە هەبوونی سینەما سەری هەڵداوە، ئەوا سینەمای کوردی هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێک خاوەن قالبێکی فێمینیستی بووە. فیلمەکانی سەرەوە تەنها بەشێک بوون لە سینەمای کوردی کە تێیدا زۆر کەم شاهیدی بە کاڵاکردنی ژنین، ڕۆڵی ژن لە سینەمای کوردیدا بووکەڵەیەکی جوانکیلە نییە تا هەروەک ماڵقی ئاماژەی پێ دەکات، لەژێر چاوتێبڕینێکی پیاوانەدا بێت، بەڵکوو ئەو خودی خۆیەتی. لێ ئەمانە تەنها بەس نین بۆ هەبوونی سینەمایەک کە پەیامەکەی یەکسانیخوازی بێت. باسکردن لە ژن و کێشەکانی نابێت تەنها لە بابەتی دایکایەتی، خۆشەویستی، نامووس و جەنگدا کورت بکرێتەوە. هاوکات ئێمە پێویستیمان بە ڕۆڵی ژنانێکە کە ببن بە ئیدۆل لە بوارگەلی زانستی، ئابووری، فەلسەفی، سیاسی، ئەدەبی، هونەر و سینەما و گشت ئەو بوارانەی کە تا ئێستا ژن کەمترین

ڕۆڵی تێیدا هەبووە.ژنانی کورد پێویســـــتیان بە پلەتفۆرمێکە کە خۆیا وەک تاکێکی سـەربەخۆ تێیدا بناسن و بناسێنن. هەروەها بە مافەکانیان ئاشنا بن و هان بدرێن بۆ بەدەسـتهێنانیان. بۆ ئەم مەبەسـتەش بە بڕوای من سـینەما باشـــترین ئامراز و پلەتفۆرمەکە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم خواســـتانە دەتوانێت سـەرکەوتوو بێت.

**سەرچاوەکان:**


- Laura Mulvey, Visual Pleasure.pdf (amherst.edu)
- فێمێنیسم و سینەما – چەکۆ ڕۆژهەڵات / گۆڤاری تیشک (57)
- صد زن؛ زنان و سینما، ازافزایش تولید فیلم تا جنبش برابری جنسیتی درسینما BBC News - فارسی
- نقد فمینیستی فیلم(hawzah.net)
- #Pispor (2) - EkremYildiz : YekemFîlmaKurdî "Nan û Azadî" ye. - YouTube
- فیلمی {زاری} لە بۆتەی شوناسی نەتەوەیدا - YouTube
- KürdYönetmenKudretGüneşileRozerinUrucuKonuştu: – MEZOPOTAMYA HABER 24
- KudretGüneş (kameraarkasi.org)